


مستەفا مەحموودی:

# ئێمەی هونەرمەندان مەقاماتی کوردیمان فەرامۆش کردووە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە شوێنی دەرکەوتنی هونەرمەندە بەتوانا و بەهرەمەندەکان بووە، کە بە دەنگ و ئاوازەکانیان خزمەتێکی بەرچاوی هونەری کوردییان کردووە، هونەرمەند مستەفا مەحموودی ماوەی چەند ساڵێکە سەرقاڵی نووسین و توێژینەوەیە لەسەر مقامات و شێوە گوتنەکانی گۆرانیی کوردی. ئەو دەیەوێت میوزیکی کوردی و فەرەنسی تێکهەڵکێش بکات، چەند جارێکیش لەو بوارەدا هەوڵی داوە، بەڵام دەخوازێت هاوکاریی زیاتر بکرێت، بۆ ئەوەی گۆرانی و میوزیکی کوردی بگەیەنێتە ئاستێکی جیهانی.

سەبارەت بە سەرەتای دەستپێکی کاری هونەریی خۆی مستەفا مەحموودی دەڵێ: «لە تەمەنی شەش ساڵییەوە بەهۆی رادیۆی کوردییەوە بە دەنگی هونەرمەندانی کورد ئاشنا بووم، بۆیە خۆشەویستی و عیشقێکی تایبەتم بۆ گۆرانی و میوزیکی کوردی هەیە. دواتر کە چوومە قوتابخانە لەلایەن مامۆستای هونەر، فێری سۆلفێج و نۆتەی میوزیك بووم، کە چوومە قۆناغی ناوەندی یەکەمین گۆرانیم بەناوی (خۆشەدەوێ نیشتمانەکەم) بڵاوکردەوەو بەهۆی ئەو گۆرانییەوە چەندین خەڵاتم وەرگرت. لە ساڵی ١٩٨٨ بەدواوە ئیتر بە تەواوی دەستم بەکاری هونەری کرد».

مستەفا مەحموودی بەمجۆرە باسی قۆناخە جیاجیاکانی تەمەنی دەکات: «من لە ساڵی ١٩٧٣ لە شاری مەهاباد لەدایکبووم، لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠١٦ لەگەڵ گرووپێکی میوزیك بەناوی نوور کارم کردووە، ئێستاش لەگەڵ چەند گرووپێکی دیکە کاری هونەری دەکەم و کۆنسێرت و چالاکیی هونەری لە ئێران و ئەوروپا و ئەمریکا پێشکەش دەکەم، لەبەر ئەوەی ئەم گرووپە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و تەواو هارمۆنی کار دەکەن، بۆیە تائێستاش لەگەڵیاندا بەردەوامم.»

سەبارەت بە رەوشی گۆرانی و میوزیك لە کوردستان بەگشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت، دەڵێ: «ئێستا لە رۆژهەڵات ئاستی هونەر زۆر باشە، کەسانێکی زۆر زیرەك و بەتوانا لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەن، کە جێگای شانازین، وەك (گرووپی کامکارەکان، عەندەلیبییەکان) و چەندین گرووپی دیکە کە جێ پەنجەیان بە میوزیك و گۆرانییەوە دیار و بەرچاوە. ئێستاش چەندین بەهرەمەندو لاوی دیکە پەیدابوون، کە شارەزان و لێهاتوویی زۆریان لە میوزیك و گۆرانیدا هەیە، بۆیە ئاستی میوزیك و گۆرانی لە جاران باشترە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کێشەیەك هەیە، ئەویش ئەوەیە کە کەمتر گرنگی بە کولتوور و فۆلکلۆر دەدرێت.»

گرووپی کامکاران جێ دەستیان لەسەر هونەری رەسەنی کوردی دیارە، کە توانیویانە هونەرێکی راستەقینە و رەسەنی کورد پێشکەش بە جیهان بکەن، لەم رووە مستەفا مەحموودی دەڵێ: «من هەمیشە گوتوومە، گرووپی کامکاران هاتن هەندێك لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانیان بە شارستانی کرد، بەشێوەیەکی ئەکادیمی دووبارە دابەشکردنیان بۆ میوزیك و گۆرانی کوردی کردەوە، ژمارەیەك گۆرانیی رەسەنی ناوچەکەیان هێنا و دووبارە گوتیانەوە و بە جیهانییان کرد، بۆ یەکەمجار ئەوان دەفیان لە ئۆرکێسترادا بەکارهێنا، تا بیژەن کامکار دەفی لە ئۆرکێسترادا لێ نەدا، هەر تەنیا لە خانەقاکاندا دەف لێدەدرا، ئەوان جێ پەنجەیان بەسەر میوزیك و گۆرانیی کوردییەوە دیارە.»

مستەفا مەحموودی خاوەن پرۆژەیەکی هونەرییە بۆ تێکەڵکێشی میوزیکی کوردی و فەرەنسی، دەربارەی بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە و هۆکارەکانی هاتنەئارای ئەو بیرۆکەیە دەڵێ: «بیرۆکەی ئەم پرۆژەیە بۆ ساڵی ١٩٩٩ دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی لە ئێران بووم، هونەرمەندێکی فەرەنسی هات، گوتی: پێم باشە من و تۆ پرۆژەیەکی هونەریی کوردی و فەرەنسی ئەنجام بدەین، کە خزمەت بە هونەری هەردوولامان بکات»، ئێمە زۆرمان پێ خۆش بوو، پرۆژەکەمان لە ئەلبومێکدا کۆکردەوە و لە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکرایەوە، دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، یەکێك بوو لە پرفرۆشترین ئەلبوومەکانی ئەوکاتە. دەتوانم بڵێم بەڕاستی میوزیکی کوردی و فەرەنسی زۆر لە یەکەوە نزیکن، بۆیە کارکردن تیایاندا ئاسانترە، خوا یار بێت پرۆژەکەمان بەردەوامیی دەبێت، بەڵام پێویستمان بە هاوکاری و یارمەتیی زیاتر هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا من سەرقاڵی توێژینەوەیەکم لەسەر مەقاماتی کوردی، لەو باوەڕەدام میوزیکی کوردی لە رووی مەقاماتەوە دەوڵەمەندترینە، چونکە هەر ناوچە و دەڤەرێك شێوازی گوتن و مەقامی خۆی و تاموچێژی تایبەت بە خۆی هەیە.»

مەحموودی دەربارەی مەقاماتی کوردی دەڵێ: «میوزیك و مەقاماتی ئێرانی لە ناوچە کوردییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەشێکی زۆر ناوی مەقاماتەکان کوردین و لە ناوچەی کوردییەوە هاتووە، بەڵام بەداخەوە لەو رووەوە لەلایەن ئێمەی هونەرمەندانەوە کەمتەرخەمی هەیە، ئێمە ئێستا کتێبێکمان نییە کە بەنۆتەوە هەموو مەقاماتەکانی کوردیی تێدا بێت. کەچی میوزیك و گۆرانیی ئێرانی خەمخۆری هەبووە و دەمێکە بەشێوازێکی ئەکادیمی مەقاماتەکانیان نووسیوەتەوە و لەبەردەستی هەموو کەسێکدایە.»

مستەفا مەحموودی تیشك دەخاتە سەر کاریگەریی هونەر و موزیکی گەلان بە سەر هونەری کوردییەوە و دەڵێ: «بە هۆی نزیکیی کورد لە نەتەوەکانی دیکەوە، بوونی ئەم کاریگەرییە ئاساییە، دەگوترێت گۆرانییەکانی محەممەدی ماملێ کاریگەریی میوزیکی ئازەرییان بەسەرەوەیە، بەڵام من پێمایە هەردوولا کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەیە، ئێستا هەندێ گۆرانی کوردی هەیە کە تورکەکان بردوویانە و کردوویانە بەهی خۆیان و ئێمەش بە ستایلی تورکی دەیڵێینەوە. بە بڕوای من هەردوولا کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەبووە.

# ئەریانا تووشی نەخۆشییەکی ترسناک بۆتەوە



کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی (ئەریانا گراندی) چەند وێنەیەکی (ترسناکی) مێشکی خۆی بڵاوکردەوە، وێنەکان تیشکین و دەری دەخەن کە ئەریانا تووشی نەخۆشیی مێشك بووە.

ئەریانا کچە گۆرانیبێژی تەمەن ٢٥ ساڵ تووشی حاڵەتێکی دەروونیی سەخت بووە، کاتێك لە ساڵی ٢٠١٧ لە میانەی سازکردنی کۆنسێرتێك لە شاری مانچستەر رووبەڕووی هێرشێکی تیرۆریستی بۆوە، بۆ چاکبوونەوە لەو بارە دەروونییەی لە ئەنجامی ئەو هێرشە دوچاری هات، بەردەوام سەردانی پزیشکی دەروونی دەکات و لەم بارەوە لە ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستاگرام نووسیویەتی: «ئاهەنگەکە بۆ من دوولایەنە بوو، لایەنێکی خۆشی و شادی و سازکردنی کۆنسێرت بوو بۆ جەماوەرەکەم، لایەنێکی دیکەش بەپێچەوانەوە، دیمەنێکی ترسناك بوو، هەرگیز لە یادی ناکەم.

ئەریانا دوو وێنەی جیاوازی تیشکیی مێشکی خۆی بڵاوکردەوە، لە یەکیاندا مێشکی تەواوە کە بۆ پێش کۆنسێرتەکە دەگەڕێتەوە، ئەوی دیکەشیان دوای تووشبوونی بە نەخۆشییەکە و بۆ دوای کۆنسێرتەکە دەگەڕێتەوە.

ئەو هونەرمەندە کە خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە سەرتاسەری جیهان، بەردەوام بە گۆرانییەکانی مشتومڕ دەنێتەوە، چونکە بەوە ناسراوە کە پەیوەندییە خۆشەویستییەکانی ماوەیەکی زۆر ناخایەنن و لە ماوەیەکی زوودا کۆتاییان پێ دێت.

شایەنی بیرهێنانەوەیە لە رۆژی ٢٢ی مایۆی ٢٠١٧ کۆنسێرتێکی ئەریانا رووبەڕووی هێرشێکی تیرۆریستی بۆوە و لە ئەنجامدا ٢٢ کەس کوژران و نزیکەی ٥٠٠ کەسی دیکەش بریندار بوون، هەرچەندە ئەریانا خۆی سەلامەت بوو، بەڵام کاریگەرییەکی دەروونیی توندی لەسەری دانا، تا لە ئەنجامدا تووشی ئەو نەخۆشییە بوو.

# پادرا نهێنییەکی ترسناکی بۆڵیۆد ئاشکرا دەکات

خانمە ئەکتەری تازەپێگەیشتووی بۆڵیۆد (ریشا پادرا) کە لە تەمەنێکی زوودا بەشداریی لە چەندین زنجیرە فیلم و درامادا کردووە و رۆڵی پاڵەوانی بینیوە، بەم دواییە لە دیمانەیەکدا باسی لە چەند پرسێکی ترسناك کرد، کە بە قسەی خۆی ئێستا لە بۆڵیۆد باویان هەیە.

پادرا لەو دیمانەیەدا رایگەیاند، کە تووشی گێچەڵی سێکسی بۆتەوە بەرامبەر بە کارکردن لە چەند کارێکی سینەماییدا، دیمانەکە لەلایەن ماڵپەڕی (TimesofIn-dia. com) بڵاوکراوەتەوە و تێیدا پادرا باسی لە هەندێك دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری سینەمایی کرد، گوتی: دوای ئەوەی ژیانی هاوسەریم پێکهێنا، یەکێك لە دەرهێنەرەکان هاتە لام و وتی: ئەگەر کارت دەوێ دڵم خۆش بکە، هەمیشە تەلەفۆنی بۆ دەکردم لە هۆتێل، من پێمگوت حەز دەکەم بتبینم لە قاوەخانەیەك، بەڵام ئەو رازی نەبوو و دواتر پەیوەندیم لەگەڵی نەما، چونکە من نامەوێ خۆم بدۆڕێنم.

ریشا لە ساڵی٢٠١٧ ژیانی هاوسەریی لەگەڵ بیزنسمانی ناسراوی هیندی فیفیك جوبتا پێکهێناوە دەڵێ: ئەمە یەکەمجار بوو کە لە نزیکەوە رووبەڕووی ئەم جۆرە حاڵەتانەی بەرتیلی سێکسی ببمەوە، بەڵام دوای هاوسەرگیری چووم بۆ تێستی چەند کارێك و رووبەڕووی چەدین حاڵەتی هاوشێوە بوومەوە.

لە درێژەی دیمانەکەیدا ریشا کە بە ئەکتەرێکی قەڵەو ناسراوە دەڵێ: من کچێکی قەڵەوم، تەنیا بەو سیناریۆیانە رازی دەبم کە قەڵەو بم، نامەوێ کێشم لە دەست بدەم بۆ ئەوە ببم بە بەشێك لە کۆمەڵگەی هونەری.







# سینەم کۆباڵ بەشێوازێکی جیاواز دەگەڕێتەوە

خانمە ئەکتەری ناسراوی تورکی (سینەم کۆباڵ) لە دوای ساڵی ٢٠١٧ و بەشداریکردنی لە زنجیرە درامای (رووبەڕوو) لە هیچ کارێکی دیکە دەرنەکەوت، چونکە یەکێک بوو لە کارە سەرنەکەوتووەکانی ئەم خانمە ئەکتەرە و چاودێرانیش هۆکاری دەرنەکەوتنی بۆ هەمان هۆکار دەگەڕێننەوە.

لەو ماوەیەدا سینەم تەنیا لە بۆنەکاندا لەگەڵ کینان ئەمیرزالی هاوسەری دەردەکەوت، بەڵام بەم دواییە براندێکی ناسراوی پێڵاوی ئافرەتان وەك باڵیۆزی خۆی سینەمی هەڵبژاردووە، ئەمەش بۆ ئەو خانمە بە سەرەتای گەڕانەوەیەکی بەهێز دادەنرێت.

سینەم کە کۆمەڵێك لە بەرهەمەکانی کۆمپانیاکەی بۆ هاوین و پاییزی ٢٠١٩ خستەڕوو، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بۆ دووبارە گەڕانەوە لە ڕێگای ئەم براندەوە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی، دەربارەی گەڕانەوەی بۆ جیهانی دراما و نواندنیش گوتی: «لەئێستادا من تەواوی کاتی خۆمم بۆ منداڵەکانم تەرخان کردووە، چونکە منداڵ و خێزان لای من لە کاری هونەری گرنگترن، هەروەها هیچ پڕۆژەیەکی دیاریکراوم نییە، بەڵام چەند سیناریۆیەکم لەبەر دەستە و لە ئێستادا کاری لەسەر دەکەم.»

لەبارەی ئەوەی کە بەشێك لە ئەکتەرە تورکەکان ڕوویان لە دراماکانی تۆڕەکانی ئەنتەرنێتی وەك (Netflix) کردووە، سینەم گوتی: «من دژی دراماکانی ئەنتەرنێت نیم، بەڵام گرنگ ئەوەیە سیناریۆی کارەکە باش بێت.» دەربارەی بەشداریکردنی لەگەڵ کینانی هاوسەری لە کارێکی هونەریدا سینەم نەیشاردەوە کە کینان ئەکتەرێکی زۆر بەتوانا و بەهرەمەندە، گوتیشی: «بێگومان حەز دەکەم لە کارێك لەگەڵیدا بەشداری بکەم، بەڵام ئەمە بژاردەی من و ئەو نییە و ئێمە ناتوانین ئەو کارە دیاری بکەین.»

# کوردستانی بێگەرد لە هونەردا



ڕەنگە جێی خۆی بێت بڵێم، یادگارێکی تایبەت بەم هونەرمەندەم لە زاری مامۆستای میدیاکار (دارا سدیق نوورجان)ەوە بیستووە. مامۆستا دارا ناوی هونەرمەندەکەی لە بیر نەمابوو، بەڵام گوتی: «ساڵی ١٩٧٤ بوو، گەرمەی شۆڕشی ئەیلوول بوو، نیگارکێشێك وێنەیەکی زۆر گەورەی مستەفا بارزانی بە قەد شاخێکەوە کێشا، بارزانی کە وێنەکەی بینی، داوای نیگارکێشەکەی کرد، لێی پرسی ئەم تابلۆیە چەندی تێ چووە؟ هونەرمەندەکە گوتی: پەنجا دینار، مستەفا بارزانی پێی گوت: «هانێ ئەوە پەنجا دینارەکە، بڕۆ بۆیاخی سپیی بکرە و تا لەو سەر دێمەوە وێنەکەی پێ بسڕەوە.»

دوای بڵاو کردنەوەی ئەم زانیارییە، هەندێك گوتیان شتی وا نییە، هەندێکیش (بە منەوە) مەبەستمان بوو بزانین ئاخۆ ئەو هونەرمەندە کێیە؟ وا ڕێککەوت مامۆستا ئەحمەد سالار لە بیرەوەرییەکانی خۆی کە بە ناوی (ڕۆژان)ـە وەك کتێب چاپی کردووە، زانیارییەکەی دووپات کردەوە، ناوی هونەرمەندەکەشی ئاشکرا کرد، کە عەتا قەزازە. دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول گەلێك کەسانی هەڵکەوتووی وڵاتمان بەرەو دنیای تاراوگە و غەریبی سەری خۆیان هەڵگرت، عەتا قەزازیش یەکێکە لەوان.

کات و سەردەم کاریگەریی زۆری هەبووە بە سەر خەملینی کەسایەتیی هونەریی شێوەکارانی کوردستانەوە. بە هەمان شێوە، سەردەم و ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوور، لە نێو بەرهەمی هونەرمەندانی شێوەکاردا ڕەنگدانەوەی هەبووە. لە ڕووی سەردەم و ستایلی کارکردنەوە، عەتا قەزاز دەچێتە چێوەی نەوەی



**عەتا قەزاز لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٧ی شاری سلێمانییە و ناوێکی دیاری کاروانی شێوەکاریی کوردستانە. ماوەی چل ساڵە لە هەندەران لە هەردوو وڵاتی (ئیتالیا و بەریتانیا) دەژی. دەزگای (حەوت رەنگە) رۆژی ٢٠١٩/٤/٦، لە گەلەریی مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سوورەکە، لە شاری سلێمانی پێشانگایەکی تایبەتی بۆ ئەم هونەرمەندە کردەوە.**

**تاریق کارێزی**

دووەمی هونەرمەندانی شێوەکاری کوردستانەوە، ئەم نەوەیە کە بەر لە نزیکەی نیو سەدە، واتە لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا هاتوونەتە نێو دنیای شێوەکارییەوە، دەرهەق بە وڵات و نیشتمان، خاوەن عەشقێکی بێگەرد و سۆفییانەن. ئەم عەشقەش زادەی سەردەمەکە بوو، نەوەیەك زۆرهەستی بە تفت و تاڵیی ژێردەستەیی نەتەوەکەی دەکرد، بە رۆح وەك پێشمەرگە دەژیان، ئەو رۆحی عەشقەشیان بە گوتاری دیدەیی (بە تابلۆ و بەرهەمی دیکەی شێوەکاری) دەخستە روو. نیشتمان لە دیدی ئەوان ترۆپکی خەونەکان و نەتەوەش باڵاترین بەهای مرۆیی بوو. کوردستان زۆر جوان و کوردیش زۆر مەرد و رەندانە وێنای نەخشیان لە پەردەی هزر و خەیاڵی ئەواندا کێشا بوو.

بەم پێودانگە بێت، سەیر نییە کە ئێمە هونەرێکی زۆر تایبەتمەند لەم نەوەیە دەبینین، هونەرێك کە هەڵگری ناسنامە و بۆن و بەرامی خەڵك و خاکێکە، ئەو خاك و خەڵکە لە ویژدانی رۆڵەکانی ئەو گەلەدا زیندوون، بەڵام دەست و ویستی داگیرکەر مافی ژیانێکی سەربەست و ئازادی لەو گەلە خاك داگیرکراوە زەوت کردووە. ئەمە بە گشتی کاکڵە و کرۆکیی هونەری ئەو نەوە شێوەکارانەی کوردستانە، لە رووی شێوە و دارِشتنەوە، ئەوان هەر لە ژینگە و سرووشتی کوردستان و کولتوور و کەلەپووری کوردەوە، فیگەر و رەنگیان هەڵهێنجاوە، یان دروست وایە بڵێین، بە تەکنیکی تایبەت گواستوویانەتەوە نێو رووبەری تابلۆ و بە هونەرئاراییەوە ئەوەی بە چاو دیویانە، کردوویانە بە تابلۆ.

کوردستانی خەون و خەیاڵ و ژینگە پاك، وا لە لای ئەو هونەرمەندە دەروون بێگەرد و عاشقە مەزنانەیە. ئێوە سەرنج بدەن، کوردستان لە تابلۆکانی عەتا قەزازدا چەند پاك و جوان خۆی نیشان دەدات. راستی و دروستی هەر وایە، بەر لە پەیدابوونی نایلۆن و پاشەکشەکردنی هەستی ژینگەپارێزی لە لای خەڵکانێکی زۆری ئەم وڵاتە، کوردستان ژێنگەیەکی زۆر پاك و بێگەردی هەبوو، دروست وەك ئەوەی لە نێو تابلۆ و گوتاری دیدەیی عەتا قەزازدا دەیبینین.

